# تاکی کورد و زەروورەتی دڵسۆز بوون

**ئەم لاپەڕەیە لەلایەن ( سەنتەری هۆشیاری تاك )ەوە ئامادە دەکرێت**

ئەگەر لە دووڕیانی دروشمی "لە تاکی هۆشیار بەرەو کۆمەڵگای هۆشیار"، لەو ڕێگا دوورو درێژەی کاروانی بەرەو بە مەدەنی بوونو بە ڕێسابوونی کۆمەڵگەی کوردی بڕوانین. کە لەسەر بنەمای گووتەی بەناوبانگی" ڕێگای هەزاران میلیش بە هەنگاوێك دەست پێدەکات" دەستی پێکردووە. ئەوا لە زۆر ڕووەوە وەك زەخیرەو پشتێنێکی بەتینی ئەو کاروانە، پێتڤیە دڵسۆزی وەك پردێکی پەیوەندیو گرێنتی بۆ تێگەیشتنو پێگەیشتنمان لە بنەماو پرەنسیپەکانی، لە مسۆگەربوونی سەرکەوتن نزیکمان بخاتەوە.

ڕاستیەك هەیە ئەگەر تاڵەو ئەگەر شیرین، ئەوەندەی دوێنیٚ لەشاخ دڵسۆزبوون بۆ کورد، وەك بڕبڕەی پشتو ڕێڕەوی کاروانی هێدی هێدی ڕووەو ئاسۆ بردو تاگەیاندیە ئەمڕۆ، ئەوا دەبیٚ ئەمڕۆ بەرچاو ڕوونتر بڕوانین لە ئاکارو کردەوەو ڕێبازی کارکردنماندا، لەپێش هەموو شتیٚ دڵسۆزی ببێتە چرایەکی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای کۆمەڵی کوردەواریو دەرمانێکی دیکە بێت بۆ برینە سارێژ نەبووەکانی گەلی کورد.

تاکی کورد ئەمرۆ پێویستی بە هۆشیاریەکی بە هێز هەیە بۆ تێگەیشتنو دووبارە گەڕانەوەی متمانەی دڵسۆزی بۆ گەلو خاکو نیشتمان، چونکە زەلاندنو کرانەوەی دەرگای نێوان تاکو میللەت لەلایەکو دەسەڵاتو حکومەتیش لە لایەکی دیکە، بەندە بە دڵسۆزی تاکەکان بۆ یەکترو دڵسۆز بوونی تاکو دەسەڵاتدار، پەڕینەوەیە بەسەر پردی هۆشیاری نێوانیان. بەواتایەکی دیکە هەرکاتێك بینرا تاکی کورد بە ئاراستەیەکی ئیجابیو هۆشیارانە هەنگاوی ناو لە راستی خۆیەوە ئاڵای دلسۆزبوونی بەرزکردەوەو لایەنی دەسەلاتیش بە دڵسۆزییەوە هەنگاوی بۆ ئەو هاویشت، ئەوسا کۆمەڵگەیەك تەژی لە بەختەوەریو لێوانلێو لە دڵسۆزیو بەرگریکەر لە شتە پیرۆزەکان دێتەکایەوەو تاك وەك ئەرکێکی زەروری خاوەنی دەنگی راستەقینەی خۆی دەبێتو لە واقیعەکەدا پشکێکی گەورەی بەردەکەوێتو دەبێتە سەرچاوەی جوڵەو بزاوتی پێشکەوتن لە هەموو ڕوێکەوەو بە پێودانگی ئەوەوە پارسەنگی کۆمەڵگا رادەگیرێت. بە پێچەوانەوە نەبوونی دڵسۆزی لە نێو خودی تاکەکانو نا دڵسۆزبوونی تاك لە هەمبەر دەسەلاتو بە پێچەوانەوەش، نیشانەیەکی هەرە زەقی ناهۆشیاری کۆمەڵگە بە هەموو توێژەکان نیشان دەداتو نا متمانەیی باڵ بەسەر نێوانی تاکو دەسەلات دادەکێشێتو ترازانێکی گەورە لە بە دامو دەزگاییکردنی دەسەلاتی گەل دێتەکایەوەو کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی چەوتی لا ڕێ لە پێشکەوتنەکانی سەردەمو دژی زەروورەتو پێویستیەکانی ئایندەو چارەنووسی کورد دەڕوات، لەبەرئەوە پێویستە هەرچی زووە میکانیزمێکی نویٚ بگیرێتەبەر، جا بەهەر جۆرو شێوازێك بێت تا بە نوێی گەلای دڵسۆزی لە نەمامی هۆشیاری ناخی تاکی کورددا ببوژێتەوەو سێبەر بە سەر شێوازو ڕێگای نوێی نێوان حکومەتو گەلدا بکاتو تووڕەیی تاك لە دەسەلات بگۆڕێتو بە پێچەوانەوەش، پڕاو پڕ لە دڵسۆزییان بکات.